# ئاكارەكانی توێژینەوەی مرۆڤناسی

محمد حسين محمد شوانى [1]

[1]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: mohammed.mohammed1@su.edu.krd

## پوختەی توێژینەوەکە:

لە هەرێمی کوردستاندا نە دامەزراوەیەکی تایبەت و نە یاسایەکیش هەیە بۆ پاراستنی مافی ئەوانەی دەبنە ئەندامی نمونەی هەر توێژینەوەیەك، ئەوانەی توێژینەوەیان لەسەر ئەنجام دەدرێت ئەگەر ویژدانی توێژەر خۆی نەبێت، دەبنە قوربانی و لایەنێك نیە داکۆکیان لێ بکات، ئەمە لە کاتێکدایە لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی تردا ئەم بابەتە گرنگی و بایەخی جدی پێ دراوە، بۆیە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە روونکردنەوەی رەوشی کایە ئێتیکیەکان لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا .

بنەما ئاکاریەکانی توێژینەوەی زانستی وەکو پیشەیی وسەربەخۆبوون و بێ لایەنی وسەلامەتی ومتمانە ورازی بوون و ئەمانەتی زانستی و بابەتی بوون،پێویستە لە توێژەردا هەبن. بە تایبەت لە توێژەری ئەنترۆپۆلۆژیدا دەبێ توێژەر هەڵگری هەندێك خەسڵەتی تریش بێت وەکو راستگۆیی و نهێنی زانیاریەکان ودادپەروەری ودەست وداوێن پاکی وبەخشندەیی و..هتد بۆیە دەتوانین بڵێین بێ ئاکار، توێژینەوەی زانستی هیچ مانایەکی نیە، ئاکار روحی زیندووی (Vital)توێژینەوەی زانستیە بەڵام لە هەرێمی کوردستان هێشتا ئاشنایەتیەکی روونمان لەگەڵ بنەما ئاکاریەکانی توێژینەوەی زانستیدا نیە .

**چەمکە کلیلیەکانی توێژینەوەکە بریتین لە (ئاکار (ئیتیك)، توێژەر، توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی)**

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١٢/٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/١/٢١ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | mohammed.mohammed1@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢١ پ.ی.د. محمد حسين محمد شوانى، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## ملخص البحث باللغة العربية :

هذا البحث بعنوان (اخلاقيات البحث الانثروبولوجي) هو من البحوث الانسانية النظرية يقوم بوصف الحالة الراهنة للبحث الاجتماعي بشكل عام و الأنثروبولوجي خاصة في اقليم كوردستان العراق ،بسبب التطورات التي حصلت في مجال التعليم العالي والبحث العلمي في كوردستان زادت الباحثين و والبحوث ايضا حول القضايا الاجتماعية والسياسية والدينية و الثقافية في المجتمع الكردي ، وهذا يدعونا الى التأكيد على الاسس والمبادىء الاخلاقية في البحث.

يتكون البحث من مقدمة وثلاث فصول ،تناول الفصل الاول توضح مشكلة البحث واهميته واهدافه ثم تحديد المصطلحات، أما الفصل الثاني فتناول الاسس الاخلاقية في البحث الانثروبولوجي ،تطرق فيه الى بدايات التفكير بالاسس الاخلاقية و طبيعة الدراسات الانثروبولوجية في بداية ظهورها أما في الفصل الثالث والاخير تناول مسؤلية الباحث الانثروبولوجي و آليات المراقبة على البحث ،عندما يقوم ببحث عن موضوع معين عليه أن يأخذ باعتبار عدة عوامل وذلك لتجنب العديد من المشاكل والمواقف الحرجة اتجاه نفسه و اتجاه منهجية البحث العلمي و يجب على الباحث أن يحترم حقوق المبحوثين وحريتهم في الاجابة و الحفاظ على سرية الإجابة الفردية لافراد العينة المبحوثة وللمبحوث الحق في معرفة أهداف البحث قبل أو بعد المشاركة حسب اتفاق الباحث مع أفراد عينة البحث ومدى تأثير ذلك على النتائج المتوقعة.ثم عدم نشر نتائج البحث بما فيه من خسائر مادية ومعنوية للمبحوثين ،كما وفي ختام البحث قدم مجموعة من التوصيات والمقترحات.


**الكلمات المفتاحية للدراسة هي (الأخلاق, الباحث الآنثروبولوجي)**


## Abstract

This research entitled (Anthropological Research Ethics) is a research humanitarian theory based description of the current state of Social Research in the Kurdistan Region of Iraq, because of developments in the field of Higher Education and Scientific Research in Kurdistan have increased researchers and research and also on issues of social, political, religious and cultural Kurdish Society, and this leads us to emphasize the principles and ethical principles in research,

The Research is consists of introduction and three chapters, the first chapter describes the research problem , its importance and its goals, and determine the terms, Chapter II addressed the moral foundations of social research, in which he referred to the early thinking on ethics and the nature of anthropological studies at the beginning of its appearance, In the third chapter and the last take responsibility social scientist and control mechanisms on the research, when research on a topic he has to take as many factors in order to avoid many of the problems and attitudes critical towards himself and towards the methodology of scientific research and the investigator must respect the rights of respondents and the freedom to answer and to maintain the confidentiality of the answer individual members of the sample examined, and the Researched right to know the objectives of the research before or after participating as agreed by the researcher with members of the research sample and the extent of the impact on the expected results. and then not publish the results of research, with its moral and material losses of the respondents, as well as in the conclusion of research presented a set of recommendations and proposals.


**The key words of the study are (ethics, anthropological researcher)**

## بەشی یەکەم :ڕەهەندەکانی توێژینەوەکەو دیاری کردنی چەمکەکان:

## باسی یەکەم :ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە :

### ١-گرفتی توێژینەوەکە :

دیاریکردنی گرفت لەسەرەتاو دەستپێکی هەر توێژینەوەیەکدا، بە مەرجێکی بنچینەیی دادەنرێت، هەتا توێژەر لەسەرەتاوە چوارچێوەی کارەکەی لا ڕوون بێت وبزانێت بە دووی سەلماندنی چ پەیوەندیەك یان چارەسەری چ گرفتێکەوەیە، گرفت بریتیە لەو گرێیەی توێژەری دەیەوێت بیکاتەوە و لەخەمی یەکلایی کردنەوەیدایە، بۆیە گرنگترین کارێك توێژەر لە دەستپێك و سەرەتای توێژینەوەکەیدا بیکات، پوختەکردن وپاکردنەوەی گرفتی توێژینەوەکەیەتی لە بابەتەکانی تر، هەتا لای ڕوون بێت ئەوەی دەیەوێت بیلێت لەم توێژینەوەیدا چیە؟ گرفتی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لە ڕوونکردنەوەی ڕەوشی کایە ئێتیکیەکان لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا .

### ٢-گرنگی توێژینەوەکە :

سەرەڕای ئەو گەشەکردنەی لە ڕووی چەندایەتیەوە لە زانکۆو خوێندنی باڵای کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە لە ڕووی چۆنایەتیەوە تا ئێستا فیلتەرێکی کارا بۆ چاودێری گرفتە ئاکاریەکانی توێژینەوە لە ئارادا نیە، بۆیە نەك توێژینەوە بەڵکو قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە لە ناوەندەکانی توێژینەوەدا بایەخی زانستی دەداتە پرسێك کە تا ئێستا کاری لەسەر نەکراوە، ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی تیۆریەوە خزمەت بە ناساندنی کایەیەك دەکات کە هێشتا توێژەرانی کوردستان ئاشنای کارکردن نین تیایدا، لە ڕووی پراکتیکیشەوە دەکرێ وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی لە کوردستان یان زانکۆ وداموودەزگا بەر پرسەکانی توێژینەوە لە کوردستاندا، لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانیدا بە کردەیی کار بۆ بەرجەستە کردنی پرەنسیپە ئێتیکیەکان بکەن و بیانکەن بە بەشێك لە ڕەفتاری توێژەران، بە تایبەتی بۆ کۆمەڵگای ئێمە کە هێشتا لە ژێر کاریگەری گروپە سەرەتاییەکانی وەکو خێزان و بنەماڵەو تیرەو خێڵدایە، هەر زیانێك بە تاکەکانی بگات لە سەر تەواوی خێزان و بنەماڵەکە هەژمار دەکرێت .

### ٣-ئامانجەکانی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی مرۆیی تیۆری شیکاریە، ئەم جۆرە توێژینەوانەش بریتین لەوەی توێژەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی پێشووتر و هەستکردن بە گرفتێك گریمانەی بوونی کەموکورتیەك دەکات لە بوارێکدا و لە توێژینەوەکەدا هەوڵی سەلماندنی دەدات(ابراهیم,٢٠٠٠، ٣٧ ) هەروەکو لە گرفتی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێکراوە دەیەوێت ڕەوشی بنەما ئیتیکیەکانی توێژینەوە ڕوون بکاتەوە، ئەمەش گرفتێکی گشتیە وەکو پرسیاری لاوەکی دەکرێت ئامانجەکانی توێژینەوەکە لە چەند پرسیارێکدا بخرێتە ڕوو، دوواتر توێژینەوەکە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە .

١-ئیتیك و بەهاکانی توێژینەوەی زانستی و توێژەری کۆمەڵایەتی چین؟؟

٢-چۆن میتۆدەکانی توێژینەوە پیادە دەکرێت بێ ئەوەی دژایەتی بنەما ئاکاریەکان بکات؟؟

٣-بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی توێژینەوەی زانستی چیە لە توێژینەوە مرۆییەکاندا؟؟

٤-لە کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمانەدا دەکرێت و ئایا لێپرسینەوەی ئاکاری هەیە؟؟

### ٤-هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە.

وەکو هۆکارێکی بابەتیی، تا ئەو شوێنەی توێژەر ئاگادار بێت لە هەرێمی کوردستاندا نە دامەزراوەیەکی تایبەت و نە یاسایەکیش هەیە بۆ پاراستنی مافی ئەوانەی دەبنە ئەندامی نمونەی هەر توێژینەوەیەك، ئەوانەی توێژینەوەیان لەسەر ئەنجام دەدرێت ئەگەر ویژدانی توێژەر خۆی نەبێت، دەبنە قوربانی و لایەنێك نیە داکۆکیان لێ بکات، ئەمە لە کاتێکدایە لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی تردا ئەم بابەتە گرنگی و بایەخی جدی پێ دراوە، بۆ نمونە لە ئەمریکا لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەو بیری لە چوارچێوە ئێتیکیەکانی توێژینەوە کردووەتەوەو ڕێوشوێنی تایبەتی بۆ داناوەو دوواتریش لە بەریتانیا، لە ساڵی ١٩٩٢وە وە لە ئەڵمانیا هەردوو کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی ئەڵمانی DGS)) و کۆمەڵەی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پیشەوەرانی کۆمەڵناسی ئەڵمانی BDS)) نەخشەیەکی ئاکاری توێژینەوەیان دارشت و کۆمیسیۆنێکی پێنج کەسیان بۆ ئەم مەبەستە بە ناوی کۆمیسیۆنی ئێتیك پێکهێنا(ئێروانی، ٢٠١٥، تایبەت)کەچی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەم بابەتە فەرامۆش کراوەو بەبەراورد لەگەڵ کۆمەڵگاکانی رۆژئاوادا زۆر زیاتر پێویستمان بە دیاریکردنی چوارچێوەیەکی ئێتیکیە بۆ توێژینەوە کۆمەلایەتیەکان و ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی لە ناو کۆمەڵگاکەماندا .

## باسی دووەم :دیاری کردنی چەمکەکان:

دیاریکردن و پێناسەی چەمك و زاراوە زانستییەکانی هەر توێژینەوەیەك بە یەکێك لە پێویستیە میتۆدیەکان دادەنرێت. هەرچەندیش ئەم دیاریکردن و پێناسەیەش بە ووردی و رووونی ئەنجام درابێت هێندەش خوێندنەوە و تێگەیشتن لە توێژینەوەکە بۆ خوێنەرانی ئاسانتر و روونتر دەبێت و توێژەریش زۆرتر بیری خۆی دەگەیەنێت(عقیل، ١٩٩٩، ٥)مەبەست لە دیاریکردنی چەمکەکانیش پێناسەی زانستیە، بۆ ئەوەی ئەم چەمکانە چی دەگەیەنن، چ مانایەك لە خۆ دەگرن و مەبەست لەم چەمکە چیە، بۆ چ مەبەستێك بەکارهاتووە(dectionery, ٢٠٠٢, ٢٤)، لەم توێژینەوەیەشدا ئەو چەمکانەی بە پێویست زانراون روون بکرێنەوە، بریتیین لە مانەی خوارەوە:

**١-ئاکار (اخلاق) (Ethic)**

ئاکار بریتیە لە کۆمەڵێك رێساو بنەمای تایبەتی سنوور بۆ رەفتاری تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەك دادەنێن وئاراستەیان دەکەن(عمر.١٩٩٦، ٤٦ )لەم توێژینەوەیەشدا مەبەست لە ئاکارەکان ئەو رەفتارانەی هەر توێژەرێکی کۆمەڵایەتین کە تیایدا رەچاوی ماف و پاراستنی باری کەسایەتی و دەروونی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەی کراوە .

**٢- توێژینەوە (البحث) : (Research)**

قسەکردن لەسەر زانست بێ باسکردنی توێژینەوە نابێت و زانست بە بێ توێژینەوە بەدەست نایەت جگە لەوەی توێژینەوەی بەردەوام تەنیا سەرچاوەی پەرەسەندن ودەوڵەمەند کردن وبژێوی زانستە، بۆیە زۆربەی ئەوانەی لە بواری رێگاکانی توێژینەوەدا سەرقاڵی بیرکردنەوەو لێکدانەوە بوون هەوڵیان داوە پێناسەی توێژینەوە بکەن(ابراهیم،٢٠٠٠، ١٥)، یەکێك لەو پێناسانەی بۆ توێژینەوە کراوە دەڵێت مەبەست لە توێژینەوە ئەو گەڕانەیە بە دووای مەعریفەو زانست و زانیاریدا کە خەسڵەتێکی وردو سیستماتیکی هەیە، هەوڵی دڵنیابوون لەو زانیاریانەش دەدات لە میانەی رێبازو رێگاو میتۆدی باوەڕ پێکراوەوە(عبیدات، ٢٠٠٥، ٣٨) لە پێناسەیەکی تردا هاتووە دەڵێت توێژینەوە بریتیە (لە پشکنین وگەڕان بە دووای مەعریفە وهەوڵدان بۆ ساخکردنەوەی بە شێوازێکی سیستماتیك ونەخشەبۆدانراو وهەنگاو لە دووای هەنگاو، رەگەزەکانی بریتین لە بابەت، میتۆد، ئامانج) گرنگترین خەسڵەتەکانیشی بریتین لەوەی کە پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو هەوڵوتەقەلاو ماندوبوونێکی زۆرو سیستماتیکی وپشکنینێکی ووردو شیکردنەوەیەکی پوختە وهەڵسەنگاندێکی رەخنەگرانەی دەوێت بە مەبەستی خزمەتکردنی ئامانجە گشتیەکان، ئامانجی توێژینەوە تێگەیشتن و شرۆڤە کردن و کۆنترۆڵ و پێشبینی کردنە(عمر.١٩٩٦، ٨٦) .

**٣-توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی (الباحث الأنثروبولوجی) (Anthropological Researcher)**

کەسێکی شارەزای بواری مرۆڤناسیە, رەگەزە جیاوازەکانی پەیوەست بە مرۆڤی خوێندووە, لە رووی بایۆلۆژی و کلتوریەوە,بۆ تێگەیشتن لە بنەچەی مرۆڤ و چۆنیەتی پەرەسەندن و پێگەیشتنی بیروباوەرو دابە و نەریت و خورەوشتە کۆمەلایەتیەکانی(dectionery, ٢٠٠٢,٣٢).

کەسێکی خاوەن پسپۆڕی تایبەتی وشارەزای بنچینەکانی توێژینەوەیەو چەند خەسڵەتێکی تایبەتی تێدایە وەکو شیکردنەوەی رووداوە مرۆیی وکۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی ئەقلانی ودیاریکردنی هۆکارەکانی روودانی دیاردەکە و رەتکردنەوەی هەر جۆرە باوەڕهێنانێك بەوەی کە رووداوەکە لە خۆوەو بە رێکەوتێکی مێژوویی روویداوە، هەروەها وەکو تێڕوانینی گشتگیریانە بۆ رووداوەکان وپارچە پارچە نەکردنیان وبڕوای تەواو بەوەی کە زانستی کۆمەڵناسی هەمیشە کراوەیە بۆ راستکردنەوە و داهێنان(میر، ١٩٨٣، ٣٨٢) .

بەشی دووەم :

## بنەما ئیتیکیەکان لە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیدا

## باسی یەکەم :پەیدابوونی بابەتە ئیتیکیەکان لە توێژینەوەدا

گەشەکردنی زانست و فراوانبوونی توێژینەوەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە، بووەنە هۆی درووستبوون و سەرهەڵدانی گەلێك لقی زانستی نوێ لە بواری مرۆیی و کۆمەڵایەتیدا، یەکێك لەو لقە زانستیانە مرۆڤناسی بوو کە میتۆدی توێژینەوەی بریتی بوو لە توێژینەوەی مەیدانی (Field Work )و مانەوەی توێژەرەکانی لە ناو کۆمەڵگای توێژینەوەکانیاندا، وەکو توێژینەوەکەی (مالینوڤیسکی )لە سەر دورگەکانی (تروبریاند) و توێژینەوەکەی (ئیڤانز بر یتشارد) لە سەر خێڵەکانی (ئەزاندی) لە نێوان سودان و کۆنگۆ و توێژینەوەکەی (رادکلیف براون)لەسەر دانیشتوانی دوورگەکانی (ئەندامان)و ..هتد .

مانەوەی توێژەر لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، وەك بوون بە ئەندام وابوو لەو کۆمەڵگایانەدا، شارەزای تەواوی نهێنیەکانیان و داب ونەریت و رێ ورەسمەکانی ئەو کۆمەڵگایانە دەبوو کە توێژینەوەی لەسەر دەکردن، جگە لەمەش مرۆڤناسەکان سەرەڕای پێکەوە ژیان و بەشداری کردنیان لە هەموو بۆنەو چالاکیەکاندا بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك، هەواڵگر (مخبر Informant)()یشیان هەبوو، کاری ئەمانە پێدانی زانیاری و روونکردنەوەی نهێنیەکانی ژیانی رۆژانەی ئەندامانی تری کۆمەڵگاکە بوو، هەمیشە مرۆڤناسەکان زیاتر لە یەك هەواڵگریان هەبوو، تا تەواوی وردەکاریەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەیان بۆ روون ببێتەوە(النوری، ١٩٨٠،٤٢٩)، سەرەڕای ئەمانەش بە نهێنی چەندین زانیاریان لەسەر کۆ دەکردنەوە، بۆیە لە سەرەتای درووستبوونیدا زانستی مرۆڤناسی وەکو زانستێکی ئیمپریالیزمی (استعماری) ناسرا، کاری توێژەرەکانی بە هەوڵی داگیرکەران درایە قەڵەم بۆ بەرێوەبردنی گەلانی داگیرکراو، بە تایبەتی دووای ئەوەی دەبینرا کە مرۆڤناسە بە ناوبانگەکان لە وەزارەتەکانی موستەعمەراتی بەریتانی و دەرەوەی ئەمریکاو وەزارەتی بەرگری و دامودەزگاکانی پەیوەست بە چۆنیەتی بەرێوەبردن و مامەڵە کردن لەگەڵ گروپە مرۆییەکانی وڵاتانی داگیرکراودا شوێن و پێگەیەکیان هەیەو کار لەگەڵ ئەمانەدا دەکەن، وەکو (هنری لویس مۆرگان) و (مارگریت مید) و (رۆس بندکت) و...هتد هەموو راوێژکار یان لە کەسە نزیکەکانی ئەم وەزارەتانە بوون، جگە لەمەش لە توێژینەوەکانیاندا دوواتر هەندێك کەموکورتی و نەخۆشی دەروونی و رەوشتی جیاوازی ئەم گروپانەیان وەکو نەخۆشی و کوموکورتیەکی گشتی بەسەر تەواوی کۆمەڵگا هاوشێوەکانیاندا دەگشتاند(الخیاط،٢٠١٠, ٤١)، بێ ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوەکانیان ئاگاداری ئەو دەرئەنجامانەو بڵاوکردنەوەیان بن، لە ئەنجامی ئەمانەدا، لە ناوەندەکانی توێژینەوەو لە زانکۆکانی تردا بیر لە دیوی نائاکاری ئەم توێژینەوانە کرایەوەو بیرۆکەی ئەوە پەیدابوو چوارچێوەیەکی ئاکاری دابنرێت هەتا توێژەران پابەندی بن، بۆیە دەبینین لە ریزی پێشەوەی ئەو پرەنسیپانەی بۆ بۆ ئاکاری توێژینەوە، دوواتر قەسەیان لەسەر کراوە بریتین لە ئاگاداربوونی ئەوانەی بە نمونە وەردەگیرێن لە ئامانجەکانی توێژینەوەو رێگا نەدان بە کۆکردنەوەی زانیاری بە شێوەیەکی نهێنی لە هەر کۆمەڵگایەکی توێژینەوەدا، دوواتر بریندار نەکردنی هەست و دەروونی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەی توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت، کە هەموو ئەمانە لەسەرەتاکانی توێژینەوە مرۆڤناسیەکاندا دەبینران، بێ ئەوەی مرۆڤناسەکان لەبەرچاویان بگرن، بەڵام بوون بەسەرتایەك بۆ بیرکردنەوە لە چوارچێوەیەکی ئاکاری و رێکەوتنێك لە نێوان توێژەر و کۆمەڵگای توێژینەوەکەیدا .


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## باسی دووەم :بنەما ئیتیکیەکانی توێژینەوە

لەبەر ئەوەی رەوشت و ئاکارەکانی توێژینەوە لەسەر سیستەمە بەهاییە تایبەتەکانی هەر توێژەرێك درووست دەبن بۆیە یەکێکە لەو بابەتانەی لە نێوان زانایان و توێژەراندا گفتوگۆو مشتومڕی زۆری لەسەرکراوە، لەم بارەوە جیاوازی زۆر لە نێوان توێژەرانی بابەتەکەدا هەیە چونکە پێ دەچێت هەندێك لەم بنەما رەفتاریانە بەلای هەندێك کەسەوە پەیوەندی بە ئاکارەوە نەبێ و بە لای هەندێکی ترەوە بێ ئاکاری بن، ساغکردنەوەی ئەمە لە بواری توێژینەوە کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەییەکاندا زۆر پێویستە چونکە مامەڵەی توێژەر راستەخۆ لەگەڵ تاکەکاندایە(ئێروانی،٢٠١٥،تایبەت) بۆیە ئەم باسە بەسەر دوو برگەی سەرەکیدا دابەش دەکەین لە برگەی یەکەم هەندێك لە بنەما ئیتیکیەکانی توێژینەوەی زانستی بە گشتی دەخەینەروو کە هەندێکیان بەشێکن لەو بنەما ستانداردەی کە لە بنکەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بەریتانیدا و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەنجومەنی توێژینەوە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان (Economic and Social Research Council) رەچاو دەکرێن (النوری، ١٩٨٠، ٤١)، و لە برگەی دووەمیشدا بنەمائیتیکیەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی باس دەکەین وەکو خەسڵەت و تایبەتمەندی هەر توێژەرێك لەم بوارەدا.

یەکەم : بنەما ئیتیکیەکانی توێژینەوەی زانستی

**١-راستنوسین (Truthfulness):**

بینین و ساغکردنەوەی هەقیقەتەکان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا چەند توێژەرێکی زانستیان دەوێت بە هەمان شێوەش لە گواستنەوەیاندا توێژەرێکی پێویستە کە توێژینەوە بە ئامانجی زانستی و نەشێواندنی راستیەکان و گواستنەوەی زانیاریەکان وەکو خۆی بکاتە بنەمایەکی ئاکاری .

**٢-پیشەیی (Professionalism):**

پرۆفیشناڵی لە کاری توێژینەوەو کارکردن لە دامەزراوەو دامودەزگا زانستی و بنکەکانی توێژینەوەدا، خۆ تەرخانکردن بۆ توێژینەوە، دۆزینەوەو داهێنان و روونکردنەوەی گرفتەکان وەکو پیشەو ئەرکێك بەرامبەر کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی .

**٣-سەربەخۆبوون و بێ لایەنی(Independence and Impartiality)(التجرد القيّمى):**

خۆ داماڵین لە بەها پێشینەکانی وەکو ناوچەگەرێتی(قاسملو، ٢٠٠٦، ٧٢) و خزمایەتی و حیزبایەتی و ئایینداری و ..هتد، ئەگەرچی لە رووی پراکتیکیەوە هەنگاوێکی سەختە(الزيبارى. ٢٠١١، ٤١) مرۆڤ تەواوی بیروباوەڕو بۆچوونە پێشینیەکانی بەلاوە بنێت بەڵام یەکێکە لە پرەنسیپەکانی شیکردنەوەی زانستی .لە کاتی توێژینەوەدا توێژەر، جگە لە توێژەر بوون خۆی بە هیچ لایەنێکی تر دانەنێت .

**٤-سەلامەتی (Safety):**

پاراستنی سەلامەتی گیان و ناو ناوبانگ و ئازارنەگەیاندن بە ئەوانەی هاوبەشی توێژینەوە دەکەن، واتە گەرەنتی پاراستنیان بکرێت نەك بە هۆی بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانەوە لە ئایندە رووبەرووی مەترسی و هەرەشە ببێتەوە، یان باج و ئەرکێکی داراییان بکەوێتە ئەستۆ، توێژەر هەمیشە دەبێ ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی بۆ خۆشی و قازانج و چارەسەری گرفتەکان بەکاربێنێ چونکە زانستی بێ ئاکار دەبێتە مایەی بەڵاو نەهامەتی بۆ مرۆڤایەتی (غامری، بێ سال، ١١٨)نەك سەلامەتی، لەم بارەوە ئەو رەخنانەی لە سیەکان و چلەکانی سەدەی رابردوودا لە ئەنشتاین گیران باشترین نمونەی داماڵینی ئاکارە لە زانست .

**٥-متمانە (Trust):**

وەك بنەمایەکی ئاکاری دەبێ توێژەر خۆی لەسەرەتادا متمانەی تەواوی بە زانست و رۆڵی زانست هەبێ لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا وبڕوای بەوە هەبێ کە زانستە مرۆڤ دەگەیەنێتە راستیەکان و لە لایەکی تریشەوە دەبێ نەك هەر ئەندامانی نموونەکەی بەڵکو ئەو دەزگایە یان ئەو دامەزراوە زانستیەی کاری توێژینەوەی تێدا دەکات دڵنیا بکاتەوە کە جگە لە ئامانجی زانستی هیچ مەبەستێکی تر لە پشت کارەکانیەوە نیە، هەروەها درووست بوونی متمانە لە نێوان توێژەر و ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەدا چ بۆ پێدانی زانیاری یان دڵنیا بوون لە ئاکام و

ئەنجامەکانی کارێکە دەکەوێتە ئەستۆی توێژەر، دەبێ هەر لەسەرەتاوە بۆ لێتوێژەران روون بکرێتەوە .

**٦-رازی بوون (Consent):**

رەزامەندی و بەشداریکردنی هۆشیارانە بنەمایەکی ئاکاری توێژینەوەیە، پێویستە لەسەرەتادا توێژەرو ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە فۆرمێکی گرێبەستدا واژۆی دەق رەزامەندی بکەن، لێتوێژەر بەوە رازی بێت کە زانیاریە کەسیەکانی وەکو سەرچاوەیەکی توێژینەوە بەکاربێت، توێژەر پارێزگاری لەو فۆرمە بکات، ئێستا بە دزیەوە چاودێری کردنی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە، بە پرسێکی گرنگ و کێشەیەکی ئاکاری توێژینەوە دادەنرێت، هەروەکو (کای ئەریکسۆن)دەڵێت بە نهێنی وەرگرتنی زانیاری یەکێکە لەو فاکتەرانەی ئابرووی توێژینەوە کۆمەڵایەتی و مرۆڤناسیەکان دەبات، لە ناو کۆمەڵگاکاندا رەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر توێژینەوەکانی تریش، هەروەها لە ئایندەشدا کار لە هەر پرۆژەیەکی توێژینەوە دەکات (السماك، ١٩٨٦، ١٥٨)، سەرەتاکانی توێژینەوە مرۆڤناسیەکان لە رۆژئاوا بەم جۆرە دەستیان پێکرد، کاتێك مرۆڤناسەکان بە مەبەستی دابینکردنی پێویستیەکانی بەرێوەبردنی کۆمەڵگا داگیر کراوەکان لە لایەن ئیمپریالیزمەوە، وەکو گەرێدەیەك لە ناو ئەو کۆمەڵگایانەدا مانەوەو لە نزیکەوە و بە نهێنی توێژینەوەیان لەسەر داب ونەریت و پێکهاتەو دابەشبونی دەسەڵات و خاڵە لاوازو بەهێزەکانی ئەم کۆمەڵگایانەیان دەکرد .

**٧- ئەمانەتی زانستی ((Integrity :**

دەبێ هەر توێژەرێك هەڵگری ئەم ئاکارو رەوشتە بەرزە بێ(الحسن، ١٩٨٢، ٧٧) گواستنەوەی زانیاریەکان وەکو خۆیان و شیکردنەوەی لۆژیکی بۆ لێکدانەوەو خوێندنەوەی ئەو رەوشەی توێژینەوەی تێدا دەکرێت، یان گواستنەوەی ئەو بارەی کە تیایدا لێتوێژەر ئەو زانیاریانەی داوە ئەمانەتێکی زانستی و بنەمایەکی ئاکاری گرنگە لە ئەستۆی توێژەری زانستی، سەرەتایەکە بۆ چەواشەنەکردن و خستنەرووی راستیەکان

**٨- بابەتی بوون(Objectivity):**

ئەگەر بڵێین بابەتی بوون تەواوی خاڵەکانی سەرەوە کە ئاماژەمان کردووە دەگرێتەوە زێدەرۆییمان نەکردووە، چونکە یەکێك لە بنەما زانستیە هەرە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی بابەتی بوونی توێژەرە، بەڵام چۆن ئەمە وەکو ئاکارێکی توێژینەوە دەپارێزرێت و لەسەرەتاوە تا کۆتایی لەم سنوورە دەرناچێت، ئەویش بە پابەندبوون دەکرێت بە کۆی خاڵەکانی سەرەوە، بابەتی بوون پێچەوانەی خودیە، ئەمە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە سەختە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بابەتیانەو دوور لە سۆزو حەزە کەسیەکان توێژینەوەیان لەسەر بکرێت، واتە خودی توێژەر خۆی دەبێتە بەشێك لە بازنەی توێژینەوەکە، و زۆرجار خۆی لە بەردەم کاریگەری سۆزو بیروبۆچوون و ئاراستە پێشینەییەکانیدا دەبینێتەوە لەبارەی گرفتەکەوە، هەروەکو توێژەر زامنی وەڵامدانەوەیەکی بابەتی ناکات لە لایەن ئەو تاك و گروپانەی توێژینەوەکەیان لەسەر دەکات.

**دووەم : بنەما ئیتیکیەکانی توێژەر ئەنترۆپۆلۆژی**

لەرووی هاندانەوە بۆ توێژینەوە سێ جۆری توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە :

١-هەندێك توێژەری هەیە هەست وتوانا ومەیلە زانستیەکانی هاندەرو پاڵنەرین بۆ توێژینەوە لە بابەتێکی دیاریکراو هەتا برێکی زانستی نوێ بخاتە سەر ئاستی زانستی کەڵەکەبوو لە بوراەکەدا،

٢-هەندێك توێژەری تر لە پێناو وەرگرتن وبەدەستهێنانی بەخشیەك یان برە پارەیەکدا توێژینەوە لەسەر بابەتێك دەکەن، زیاتر ئامانجیان لایەنێکی مادیە .

٣- ئەو توێژەرانەن، کە توێژینەوە لە پێناو بە دەستهێنانی بروانامەیەکی ئەکادیمی دیاریکراو دەنوسن وەکو بەکالۆریۆس یان ماستەر یان دکتۆرا یان بۆ بەرز کردنەوەی پلەی زانستی لە ریزبەندی ئەکادیمی زانکۆییدا ئەمەش ناراستەخۆ زیاتر لە ژێر پاڵنەری پلەوپایە یان ئاستێکی مادی دیاریکراودان نەك ئەوەی لە راستیدا دەبێ ئامانجی توێژینەوەی زانستی بێت وەکو گەیشتن بە تیۆرێك یان یاسایەك یان پرەنسیپێك

یان گشتاندنێکی لۆژیکی(الخیاط,٢٠١٠, ٤١) .لێرەوە زۆرجار توێژەران بە تێڕوانین بۆ ئامانجەکانیان شێوازو چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بەرامبەر و ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیاندا لەبیردەکەن و ماف ورەچاو کردنی باری دەروونی و کۆمەڵایەتیان فەرامۆش دەکەن، کۆمەڵەی توێژینەوە پەروەردەییەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩١دا چەند پێوەرێکی خستووەتە روو هەتا توێژەرانی کۆمەڵایەتی پابەندیان بن بۆ تەندرووستی توێژینەوە و کۆمەڵگای توێژینەوەکەیان، ئەو پێوەرانەش بریتین لە(علیان، ٢٠٠٤، ٢٦٨) :-

١-مافی هەموو ئەندامانی نمونەکەیە یان مافی سەرپەرشتیارو بەخێوکەریانە لە مەترسی ورەنگدانەوە نەرێیەکانی ئەو توێژینەوەیە ئاگاداربن، بۆیە رەزامەندیان وەربگرن پێش ئەوەی بەشداریان پێ بکەن و وەکو نمونەیەك بۆ توێژینەوەکانیان بەکاریان بێنن، بە تایبەتی ئەگەر ئەندامانی نمونەکە هۆشیاری تەواویان نەبێت لە بارەی مەترسیەکانەوە دەبێ دایك وباوك یان بەخێوکەرو سەرپەرشتیارانیان لەمە ئاگادار بکرێنەوەو رەزامەندی پیشان بدەن .

٢-نابێ توێژەران پێگەو پلەو پایەو دەسەڵاتی خۆیان بۆ ناچارکردنی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەکاربێنن و ناچاریان بکەن بۆ مانەوەو درێژەدان تا کۆتایی توێژینەوەکە بەڵکو مافی ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوەکەیە لە هەر کات و ساتێکدا بکشێنەوە، یان هەر لە سەرتادا بەشداری لەو جۆرە توێژینەوەیدا نەکەن، جاری وا هەیە بە فەرمانی بەرێوە بەرێك یان بەرپرسی فەرمانگەیەك، تەواوی فەرمانبەران یان خوێندکاران لە هۆڵێکدا کۆ دەکرێنەوەو دوواتر فۆرمی توێژینەوەیەکیان بەسەردا دابەش دەکرێت، داوایان لێ دەکرێت ئەو فۆرمە پڕ بکەنەوە، لەکاتێکدا هیچ زانیاری و هۆشیاریەکیان نیە لەبارەی ئامانج و ئایندەی ئەو زانیاریانەوە .

٣-دەبێ توێژەر رەچاوی سیاسەت وبەرنامەو نەخشەو پلانی ئەو زانکۆو دامەزراوەو دامودەزگایە بکات، کە توێژینەوەکەی بۆ دەنووسێت و پابەندی رێنمایی و داخوازیەکانیان بێت چ لە بارەی کاتی تەرخانکراو یان ئامانج لە توێژینەوەو دەرئەنجامەکانیەوە .

٤-لەبەرچاو گرتنی پاکی و راستگۆیی لە پەیوەندیەکانیدا، لەگەڵ ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەی، یان لەگەڵ نوێنەرانی دامودەزگاو دامەزراوەکەی،

٥-رەچاوکردنی جیاوازیە کلتوری و ئاینی و جێندەریەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە و کاریگەریەکانی لەسەر پرۆسەی توێژینەکەو راپۆرتی کۆتایی .

٦-خۆدوور گرتنی توێژەر لە بەکارهێنانی هەموو ئەو میکانیزمانەی رەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی خراپیان دەبێت بەسەر ئەندامانی نموونەکەیدا وەکو چاوپێکەوتن لە کاتی گرنگ و زیان پێگەیاندنی مادی و کۆمەڵایەتی، بۆ نمونە وەرگرتنی زانیاری ببێتە هۆی دوواکەوتنیان لە وانەکانیان یان لەکارەکانیان یان بەشداری نەکردنیان لە بۆنەیەك .

٧-مافی هەر ئەندامێکە لە بەشداربووان یان یارمەتیدەارنی توێژەر ناسنامەی خۆیان ئاشکرا نەکەن، پێویستە توێژەر پارێزگاری لە نهێنیەکانیان بکات .

هە ندێك لەو بنەما ئیتیکی و بەها مرۆییانەی کە پێویستە لەهەر توێژەرێکدا هەبن بە کورتی دەخەینە روو :

١- راستگۆیی.:

ئاشکراکردنی لایەنی سوود مەند و سەرچاوە داراییەکان و ئاستی دەست رۆیشتوویی توێژەر بەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو مامەڵە کردن لەگەڵیاندا .

٢- نهێنی زانیاریەکان:

شوێنی مانەوەی زانیاریەکان و ئەوە کێیە بڕیار دەدات بە بڵاوکردنەوەیان خاڵێکی گرنگە بۆ لێتوێژەران ئەگەر بە هۆشیاریەوە بەشداریان لە توێژینەوەکەدا کردبێت، دەبێ توێژەر نەك هەر ناوەکانی بە ئاشکرایی باس نەکردبێت بەڵکو ئاماژەو هێمایەکی وا لە توێژینەوەکەدا نەبێت لە رێگەیانەوە کەسەکان بناسرێنەوە مەگەر لێتوێژەران خۆیان رەزامەندی بدەن لەسەر ئەو ناسینەوەیە .

٣-دادپەروەری :

دەبێ ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە هەموو وردەکاریەکان و تەواوی لایەنەکانی توێژینەوەکە ئاگاربن و گرنگی و دەستکەوتە زانستیەکانی

توێژینەوەکە کاری هەمووانە و دەبێ سوپاس و پێزانین و ڕێزلە هاوکاریەکانیان بگیرێت

٤-دەست وداوێن پاکی:

توێژەر وەکو خاوەن خەسڵەتێکی دەست پاکی دیاردەکان بە وردی و وەکو خۆیان دەبینێ و هەر بەو جۆرەش وەسفیان دەکات، نەك لە نێوانیاندا ئەوانە هەڵبژێرێت کە دەیەوێت و ئەوانەش بەلاوە بنێت کە ئارەزووی لێ نیە، دەبێ ئەنجامەکان وەکو ئەوەی بەدەرکەوتن ئاشکرا بکات نەك وەك ئەوەی ئەو دەیەوێت، هەروەها دەبێ دەستپاك بێ بەرامبەر هەموو ئەو زانیاریانەی لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەریان دەگرێت (الخیاط,٢٠١٠, ٢٣٠) .

٥-بەخشندەیی :

توێژەری کۆمەڵایەتی گفتوگۆومشتومڕ لە بارەی بیروبۆچونەکانیەوە ناکات لەگەڵ کەسانی تردا، چونکە مشتومڕ جۆرێك لە لایەنگیری پێوەیە، کەسی مشتومڕکەر باوەڕی تەواوی بە بیروبۆچوونەکانیەتی ودەیەوێت بەسەر کەسانی تردا بیسەپێنێت، بەڵام توێژەری زانستی پشت بە سەلماندن و تێبینی و پێوانە دەبەستێ، دوژمنکاری لە دەربڕینەکانیدا نیە بەڵکو بەخشندەو لە گفتوگۆی بەردەوامدایە لەگەڵ سروشت ودیاردەو گرفتەکانیدا(عبیدات، ٢٠٠٥، ٣٨)هەروەها بە ڕێزەوە سەیری ئەنجام و بەرهەمی هەر توێژەرێکی تر دەکات .

## بەشی سێیەم :بەرپرسیاریەتی توێژەر و میکانیزمەکانی چاودێری بنەما ئیتیکیەکان

### باسی یەکەم : بەرپرسیاریەتی توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی و توێژینەوە لە کوردستان:

لەم دە ساڵەی ڕابردوودا کوردستان گۆڕانکاریەکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە لە ڕووی چەندایەتی توێژینەوە لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان بە گشتی، چ بە هۆی کردنەوەی چەندین زانکۆو کۆلێژ و بەشی جیاوازەوە بێت لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان یان ئەو ڕووکردنە زۆرەوە بێت بۆ تەواو کردنی خوێندن و زۆربوونی ژمارەی هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکاندا، یان بە هۆی کرانەوەو ڕووتێکردنی توێژەرانی بیانی و زۆربوونی سەنتەرو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و توێژینەوەو هاتنی توێژەرانی بیانیەوە بێت بۆ کوردستان، هەندێك جار ئاماژە بەوە دەکرێت کە لەگەڵ سوپای هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدا کە لە ٢٠٠٣هوە هاتون بۆ عێراق چەندین توێژەری ئەنترۆپۆلۆژیان لەگەڵە.

لە لایەکی تریشەوە بە هۆی ئەو ڕەوشە سیاسی و داگیرکردنەی کوردستانی پێدا تێپەڕیبوو لە ڕابردوودا، کۆمەڵگای کوردی زۆر درەنگ کەتووەتە بەر دیدو ڕەخنەو توێژینەوەو توێژەرانی زانستیەوە، هێشتا هەموو بوارەکانی ژیانی کوردەواری وەکو کێڵگەیەکی بە پیت توێژینەوەیان لەسەر نەکراوەو دەکرێ توێژەرانی ئەنترۆپۆلۆژی کارامە توێژینەوەیان لەسەر بکەن، ئیتر لەم ماوەیەدا کوردستان لە هەموو بوارەکانیدا توێژینەوەی لەسەر دەکرێت، ئەمەش دەخوازێت وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی وزانکۆکانی کوردستان و ناوەندەکانی توێژینەوەو دامودەزگا بەرپرسەکان لەم بوارەدا لە خەمی دانانی چوارچێوەو چەندپرەنسیپێکی ئاکاریدا بن بۆ بەرپرسیار کردنی توێژەران لە پێگەیاندنی هەر زیان و ئازارێکی جەستەیی و دەروونی ئەوانەی توێژینەوەیان لەسەر دەکەن .

هەروەکو چۆن لە بەئەنجام گەیشتن و دۆزینەوەی هەر مەعریفەیەکی زانستیدا توێژەر خۆی بە خاوەنی ئەو داهێنانە دەزانێت، پێویستە بە هەمان شێوەش توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی خۆی بەرامبەر بڕیارەکانی لە توێژینەوەکەیدا بە بەر پرسیار بزانێ و پەلە لە دەرکردنیاندا نەکاو بانگەشەی هیچ ئەنجامێکی زانستی پێش وەختە نەکات، بانگەشەی ئەوەش نەکات کە توانیویەتی وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوەو بەو پەڕی ڕاستیەکان گەیشتووە، ئەمە بەر پرسیاریەتیەکی ئاکاری و زانستی گرنگە لە ئەستۆی توێژەر، ئێستا بە هۆی زیاتر پشت بەستان بە ئەنجامی توێژینەوە زانستیەکان و پراکتیزە کردنیان لە ژیانی کردەییدا، ڕۆژ لە دووای ڕۆژ گرفتی ئاکاری و کۆمەڵایەتی زیاتر دێنە ئاراوە، بەرپرسیاریەتی زیاتریش دەکەوێتە ئەستۆی توێژەران لە بارەی تا چەند پابەندی بنەما ئاکاریەکان دەبن بەرامبەر کۆمەڵگاو نمونەی توێژینەوەکانیان، بەو پێیەی توێژەری کۆمەڵایەتی بە گشتی لە بوارێکی دیاریکراودا کار دەکات و لە هەمان کاتیشدا هاوڵاتیەکی

کۆمەڵگاکەی خۆیەتی و کۆمەڵێك مافی هەیە و لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێك ئەرکی لەسەر شانە(Shrader,١٩٩٤, ٢٦)لە ساڵی ١٩٩٣هەوە ناوەندی توێژینەوەی نەتەوەیی (NRC)لە ئەمریکا جەختی کردووەتە سەر هەندێك لەو بنەما و ڕێسایانەی بۆ هەر توێژەرێك دەبێ وەکو بەرپرسیاریەتیەك سەیریان بکات لەوانە بۆ نمونە دەبێ توێژینەوە لەو بابەتانە نەکات کە بێ هیچ پاساوێك دەبنە مایەی مەترسی بۆ کۆمەڵگای مرۆیی ڕەنگە باشترین نمونەش ئەو ئیدانەکردنە بێت کە لە ساڵی ١٩٣٧دا ئەکادیمیای زانستی پروسیا بەرامبەر ئەنیشتاین دەریانکرد، یان نابێ نارەوا توێژەر لە میانەی توێژینەوەکانیەوە سەرچاوە گشتیەکان بکات بە موڵکی تایبەتی کەسانی تر لە جیاتی پشتیوانی و پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندی گشتی، هەروەها لەوانە خۆیان بەدوور بگرن گە هەرەشەی جدی دەخەنە سەر پرەنسیپەکانی چاودێری ژینگە( SCOM3001, 2010, 18) .

لە کوردستاندا دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکان، لە شێوەی کتێب و نامیلکە، یان لە گۆڤارەکاندا، یان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بڵاو دەکرێنەوە بێ ئەوەی هیچ لایەنێك لێ پرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، لە کاتێکدا ئەو دەرئەنجامانە بە شێکی زۆری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، یان هەندێك لە گروپە ئاینی و مەزهەبیەکان بریندار دەکات و هەندێك جار دەچێتە خانەی ناوزڕاندن و لەکەدار کردن، ئەمەش بۆ کۆمەڵگای ئێمە، تەنیا بۆ تاکەکان نابێتە مایەی نەنگی بەڵکو بۆ تەواوی خێزان و بنەماڵەو خێڵ و دەوروبەرەکەی لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت، لێرەدا هەندێك لەو دەرئەنجامە بڵاوکراوانە دەخەینەروو بێ ئەوەی ناوی کەسەکان و لایەنەکان بێنین، کە تیایاندا ڕەچاوی مافی لێتوێژەران نەکراوە :

١-لە توێژینەوەیەکدا لەسەر گروپێکی کۆمەڵگای کوردی کراوە ودواتر ئەنجامەکانی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و کەناڵە ئاسمانیەکانیش بڵاو کرایەوەو توێژەر خۆی دەیخوێندەوە، یەکێك لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی دەڵێت (ئەو ئافرەتانەی چوونەتە ئەو شوێنە دەشتدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر بەڵام ئێستا ناتوانن خۆیان باسی بکەن) .

٢-لە توێژینەوەیەکدا لەسەر گروپێکی کۆمەڵایەتی و ڕێبازێکی ئاینی نوسراوە، دەڵێت ( جۆرێك لە هاوسەرگیری بە کۆمەڵ (زواج جماعی)یان تێدایە و جیاوازی لە نێوان ژنی یەکتردا ناکەن)

٣- توێژینەوەیەکی تر ئەویش لەسەر تەریقەتێکی ئاینی کراوە لە کوردستان باس لەوە دەکات ژن وپیاوەکانی سەر بەم تەریقەتە پێکەوە لە جێگایەکدا دەخەون و دەڵێن دوو کێومان لە نێواندایە کەچی مەبەستیان لەو دوو کێوە (...) شتێکی ترە .

٤-توێژینەوەیەکی تر، ئەمیش لە سەر لایەنی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە گروپێکدا ئەنجام دراوەو لە ناو باسەکانیدا هاتووتە سەر چۆنیەتی تێکەڵاو بونی ژن وپیاو و بەسەر بردنی کات و دانیشتنی ئێواران لە دیوەخانەکانیاندا تا درەنگانی شەو، دەڵێت بەڵام دوواتر شەوەرەشەیان هەیە، یەکێك دەڵێت (چرا پف) واتە کوژاندنەوەی ڕووناکیەکان، ئیتر بە ئارەزووی خۆیان دەکەن .

## باسی دووەم : میکانیزمەکانی چاودێری بنەما ئیتیکیەکان :

بە خوێندنەوەی هەموو ئەوانەی سەرەوە ،دەکرێ لە توێژینەوەکاندا وەکو میکانیزمێك بۆ چاودێری کردنی بنەما ئیتیکیەکانی توێژینەوە کۆمەڵێك کارڕایی بگیرێتە بەر وەکو »

١-دەرکرنی یاسایەك بۆ ڕێگە گرتن لە بەشداری پێکردنی هەر تاکێك لە توێژینەوەکاندا و سوود وەرگتن لە زانیاریە کەسەیەکانی بێ ئەوەی توێژەر ڕەزامەندی ئەو کەسەی وەرگرتبێت یان لەگەڵیدا لەسەر چۆنیەتی پێدانی زانیاری ڕێککەوتبن .

٢-بەشداری کردنی توێژەرانی تر لە گرفتی هەمان توێژینەوەدا، کاتێك توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵە ئەنجامێك دەگات لەگەڵ ئاکارەکانی توێژینەوەی زانستیدا کۆك و تەبا نەبن، لەسەر توێژەرانی تر پێویستە هاوکاری بکەن، دووبارە بەو بابەتەدا بچنەوە، لە کاتی بڵاو کردنەوەیدا ڕەچاوی لایەنە سوود بەخش و زیانبەخشەکانی بکرێت، واتە تەنیا یەك کەس بڕیار لەسەر بڵاوکردنەوەی نەدات .

٣-هەندێك پێیان وایە هەر توێژینەوەیەك ئەنجامەکانی بەسوودی گشتی نەشکێتەوەو توێژەرەکەش تا ئاستێکی بەرز گرنگی بە سەلامەتی

لێتوێژەرانی نەدابێ پێویستە رێگە بە تێپەرینی نەدرێ(غامری، بێ سال، ١١٩)، واتە بە ناوی زانکۆ و ناوەندێکی توێژینەوەوە هەژماری ئەکادیمی و زانستی بۆ نەکرێت و توێژەرەکەش هیچ جیاوك وپاداشتێکی مادی و مەعنەوی وەرنەگرێت .

٤-تەنیا ئەندامانی نمونەکەو کۆمەڵگای توێژینەوەکە مافی لێپرسینەوەو تۆمارکردنی داواکاریان نەبێت لەسەر توێژەر لە کاتێکدا زیانێکی مادی و مەعنەویان پێ دەگات بەڵکو هەر توێژەرێکی ترو هەر ناوەندێکی زانستی ئەگەر هەستی کرد بڵاوکردنەوەی ئەم دەرئەنجامانە زیانبەخشن بۆ گروپێك یان شارێك یان ناوچەیەك، مافی ئەوەیان هەبێت لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ توێژەر و ئەو ناوەندەدا بکەن کە توێژینەوەکەیان بڵاوکردووەتەوە، چونکە هێشتا لە کۆمەڵگای ئێمە هۆشیاری توێژینەوە نەگیشتووەتە ئاستێك هەموو ئەمانە لەبەر چاو بگرێت

## کۆتایی: ئەنجام و راسپاردەو پێشنیارەکان

### ١-ئەنجامەکان:

بنەما ئاکاریەکانی توێژینەوەی زانستی کۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەتمەندی دەگرنەوە دەبێ لە هەر توێژەرێکدا هەبێ کاتێك کار بۆ دۆزینەوەو بەدەرخستن وداهێنانی زانستی دەکات وەکو پیشەیی وسەربەخۆبوون و بێ لایەنی وسەلامەتی ومتمانە ورازی بوون و ئەمانەتی زانستی و بابەتی بوون، ئەمانە گشتگیرو فراوانن لە هەموو زانستەکاندا، هەتا لە دۆزینەوە بایۆلۆژی و کیمیاییەکاندا بوونیان پێویستە بەڵام لە ناو زانستە مرۆییەکاندا و بنەما ئیتیکیەکانی توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی تایبەتمەندیەکی تریان هەیە و جگە لەهەموو ئەوانەش جۆرێکی تری مامەڵەی دەوێت وسەرەرای ئەوانەش دەبێ توێژەر هەڵگری هەندێك خەسڵەتی تریش بێت وەکو راستگۆیی و نهێنی زانیاریەکان ودادپەروەری ودەست وداوێن پاکی وبەخشندەیی و..هتد بۆیە دەتوانین بڵێین بێ ئاکار، توێژینەوەی زانستی هیچ مانایەکی نیە، ئاکار روحی زیندووی (Vital)توێژینەوەی زانستیە ، باسکردنی ئەم بابەتە مێژوویەکی لە ناوەندەکانی توێژینەوەدا هەیە لە زانکۆ بیانیەکان و ئێمەی توێژەرانیش لە کوردستان هێشتا ئاشنایەتیەکی روونمان لەگەڵ بنەما ئاکاریەکانی توێژینەوەی زانستیدا نیە، نوسین لەسەر ئەم بابەتە زۆر کەم و دەگمەنە .

### ٢-راسپاردەکان:

دواکارم لە توێژەران و مامۆستا هاوپیشەکانم لە زانکو بە تایبەتی لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکاندا بەگەرمی قسەلەسەر بنەما ئاکاریەکانی توێژینەوە بکرێت و قوتابیان و خوێندکاران هان بدەن بە لایەنی کەمەوە لە توێژینەوەی دەرچووندا بکرێتە بابەتی توێژینەوە .

### ٣-پێشنیارەکان :

أ- دامەزراندنی لیژنەیەکی تایبەت بە ئێتیکی توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان لە سەرۆکایەتی زانکۆکانی کوردستان کار بۆ گۆرینی سەرنج و تێروانینی توێژەران بکات بۆ ئەم پرسە .

ب-کارکردن بۆ بە بەهاکردنی پرەنسیپە ئیتیکیەکان و بە نۆرم کردنیان، بە تایبەتی لە خوێندنی بەرایی زانکۆییەوە، لە بابەتی میتۆدو رێبازەکانی توێژینەوەدا .


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## سەرچاوە وپەراوێزەکان

١- ابراهيم ، د. مروان عبدالمجيد ، أسس البحث العلمي لاعداد الر سائل الجامعيه ، مؤسسه الوراق للنشر والتوزيـع ، عمان ، الاردن ، ٢٠٠٠.

٢-ئێروانی ، د. موسلّح عەبدولقەهار، وتارێك لەسەر ئیتیكەكانی توێژینەوە،٢٠١٥، واڵی تایبەت .

٣-حسن، د. عبدالباسط محمد، اصول البحث الاجتماعی، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ط٣، ١٩٧٣.

٤-عقيل ، د. عقيل حسين ، فلسفه مناهج البحپ العلمي ، مكتبه مدبولي للنشر ، القاهره ، مصر ، ١٩٩٩.

The American Heritage® Stedman›s Medical Dictionary-٥

.Copyright © 2002, 2001, 1995 by Houghton Mifflin Company. Published by Houghton Mifflin Company

٦-عمر ، د.معن خليل ، مناهج البحث في العلم الأجتماع ،دار الفكر للنشر والتوزيـع ، عمان ، الأردن ، ١٩٩٦.

٧- عبيدات ، د.ذوقان ، وآخرون ، البحث العلمي ،مفهومه وأدواته وأساليبه ، دار الفكر للنشر والتوزيـع ،عمان ،الأردن، الطبعة التاسعة ، ٢٠٠٥.

Anthropological Dictionary, https://www.yourdictionary.com/anthropologistmNov,20-2020,, p: 32-٨

٩- مير ، لوسي ، مقدمة في الانثروبولوجيا الاجتماعية ،ترجمة وشرح ، د. شاكر مصطفى سليم ،دائرة الشؤن الثقافية والنشر، بغداد ،١٩٨٣.

١٠- النوري ، د.قيس ، المدخل الى علم الأنسان ، مطابع جامعة الموصل ، الموصل ، ١٩٨٠ .

١١-الخياط، د. ماجد محمد ، أساسيات البحوث الكمية والنوعية في العلوم الأجتماعية ، دار الراية للنشر والتوزيع ، الأردن ، عمان ، ٢٠١٠.

١٢-قاسملو، د.عەبدولرەحمان، كوردستان و كورد، وەرگێرانی عەبدوڵای حەسەنزادە، كتێبخانەی سۆران، چاپخانەی منارە، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠٠٦.

١٣-الزيباري ،د.طاهر حسو ، أساليب البحث الأجتماعي في علم الأجتماع ،المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع ،بيروت ، لبنان ، ٢٠١١..

١٤-غامري ، د. محمد حسن ، المناهج الأنثروبولوجية ،المركز العربي للنشر والتوزيع ،اسكندرية ، مصر ، بلا سنة الطبع ..

١٥-السماك ، د. محمد أزهر سعيد وآخرون ، أصول البحث العلمي ، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر ،جامعة الموصل ، ١٩٨٦.

١٦-الحسن ، د. احسان محمد ، والدكتور عبدالمنعم الحسني ، طرق البحث الأجتماعي ، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر ،جامعة الموصل ، ١٩٨٢.

١٧-عليان ،د. ربحي مصطفى ، والدكتور عثمان محمد غنيم ، أساليب البحث الأجتماعي ، دار صفاء للنشر والتوزيع ، عمان ،الآردن ،٢٠٠٤.

18Shrader-Frechette, K. (1994) Ethics of Scientific Research, Rowman and Littlefield Publishers Inc, Lanham, Maryland.

19-Do ethics impede scientific research? This essay was written for SCOM3001: Science, Risk and Ethics, October,21, 2010.